

# چرپەی داپیرە

نمنم و باوان هەریەکە بە شتێکەوە خەریك بوو. نمنم پەڕتوکێك و کۆمەڵێك شتی لە بەردەما بوو. باوانیش تۆپێکی خستبووە نێوان هەردوو قاچییەوەو بە هەموو هێزییەوە خۆی دابوو بەسەر پەمپێکداو هەوای ئەکردە تۆپەکەوە. لە ترسا هاوارم کرد: بەسە باوان گیان. هەوای زۆر تیایە. با وەك تۆپەکەی نمنم نەتەقێ! زۆرم هاوار کرد، بەڵام باوان گوێی لێ نەئەگرتم و لەبەر خۆیەوە ئەیوت (بە قسەی کێ ئەتەقێ، من ئەڵێم ناتەقێ!)

نمنم کە زانی زۆر خەمی باوانە، سەیرێکی کردم و لێی پرسیم: داپیرە، تۆ نازانی چۆن دروست ئەکرێ؟ وتم: نمنم گیان. من هەر نازانم تۆ خەریکی چیت، ئیتر چوزانم چۆن دروست ئەکرێ! هەر بە دەم ئیش کردنەوە پێی وتم:

داپیرە، زۆر حەز ئەکەم زەنگێکی کارەبایی دروست کەم، بەڵام خۆم شارەزایی تەواوم نییە، ئەمەوێ سود لە شارەزایی خەڵکی تر وەرگرم. ئەمڕۆ هاوڕێیەکم چەند تێبینییەکی دامێ. ئەم کتێبەش زانیاری زۆر باشی تێدایە. ئەوەندەم نەماوە، وا خەریکە دروستی ئەکەم!

قسەکەی نمنم راست دەرچوو. ئەوەندەی نەبرد دەنگی زەنگەکە ماڵەکەی پڕکرد. ساتێکی چەند خۆش بوو. من و نمنم دەست لەملانی یەك، لە خۆشیدا بە دەنگی بەرز لاسایی زەنگەکەمان ئەکردەوە. لە پڕ ناڵەیەکی گەورە بێدەنگی کردین. کە ئاورمان دایەوە، سەیرمان کرد باوان پاڵیداوەتەوە بە دیوارەکەی پشتیەوەو بە ترسەوە چاوی بڕیوەتە تۆپە تەقیوەکەی بەردەمی.

وێنەی بەرگ: سالار بەدری

سەرنوسەر

پەپوولە: گۆڤارێکی رۆشنبیری - پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد. سەرنوسەر: یاسین قادر زرگوێزی. دەستەی نوسەران: ئەحمەد محەمەد، نەریمان عوسمان. بەشی هونەری: سالار بەدری. هەڵسوڕێنەری چاپ: ئەمیر بەکر قەساب، کارزان محەمەد رەمزی، فەرهاد ئەحمەد. سەرپەرشتی کۆمپیوتەر: ئالان عەلی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی (٢٠٠٠) دانە بڵاودەکرێتەوە. فەرزو مۆنتاژی کۆمپیوتەریی لە لایەن گۆڤارەکەوە دەکرێت و چاپکردنی لە ئۆفسێتی دلێرە. نرخی (٣) دینارە. ناونیشان: کوردستان - سلێمانی - بینای خاکTV. تەلەفۆن (٣١٢٤١٣٤) یان (٣١٣٠١٠٠).

*PAPOOLA*: MONTHLY CULTURAL & EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE. ***ISSUED BY***: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
No. 63- January, 2003. . E-Mail: Ksc @ Ksc-Kcf.org & Internet: www.khakTV.net